# چەتری بزووتنەوەی
# رزگاریخوازی گەلی کوردستان
(برخلک)

# چەتری بزووتنەوەی
# رزگاریخوازی گەلی کوردستان

(برخلک)

## ستران عەبدوڵڵا

٢٠٢٠

ناوی کتێب: **چەتری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان**

نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**

دیزاین: **شۆڕش ئەحمەد**

تیراژ: **(٥٠٠) دانە**

چاپ: **چاپخانەی کارۆ**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٢٩٢)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە

بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان، ناوێکە نزیکەی پەنجا ساڵی ویست لە نووسین و ئەندێشەی سیاسیی و فیکریی باوکە دامەزرێنەرەکانی کوردایەتی هاوچەرخ تا لەسەر پەیڕەوکردنی گیرسانەوە. هەموو ناوەکانی بۆ مەسەلەی کوردستان دەست دەدەن وەکو: کوردایەتی، مەسەلەی کورد، بزاڤی نەتەوایەتی و تەنانەت کێشەی کوردیش، ناوی جوان و پیرۆزن و هەریەکەیان لە قۆناغێکی نووسین لەسەر پرسی نەتەوایەتی و نیشتمانیی کوردستان بەکارهاتوون و باو بوون. لێ وای دەبینم

دەستەواژەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان موتەکاملترینیانە، چونکە گەڵاڵەی مانا بەخشی هەموو دەستەواژەکانی تر و کۆی ئەو کۆششە فیکری و سیاسییە دەردەخات کە تێکۆشەرانی قەڵەم بەدەستی کوردایەتی پێی گەیشتوون و لەسەری ساغ بوونەتەوە.

بێگومان مەسەلەی ناوهێنان و ناولێنان بۆ دەرخستنی ناوەرۆك و جەوهەری هەر مەسەلەیەك زۆر گرنگە، چونکە گوشراو و چڕکراوەی تێگەیشتن لەو مەسەلەیە دەردەخات. بەڵام بێگومان هەر ناولێنان بەس نییە. ناو چەند جوان و پڕ بە پێست بێت ئەگەر بازووی کار و کۆششی لەگەڵ نەبێت هەر وەك پرسێکی زمانەوانی و ئەدەبی دەمێنێتەوە. دیسانەوەش بە کەم سەیرکردنی پرسی ناولێنانەکەش، یان بەلاڕێدابردن و کورتکردنەوەشی، جۆرێك لە لادانی

فیکری و سیاسییە و ئەگەر بە ئەنقەستیش بێت ئەوا مەعلومە هی ئەوەیە ناوی کریت و ناخۆش لەو لادان و بەلارێدانە بنرێت. وەك هەرزان فرۆشی و پاشەکشێی بێ پەروایانە.

چەند ساڵی رابردوو بە حوکمی گەشەی رۆژنامە و ناوەندەکانی ماس میدیای کوردی و کوردستانی و بەرخودیان لەگەڵ میدیای ناوخۆیی و جیهانی و ئینجا سروشتی میدیاش لە زوو گواستنەوەی دەستەواژە و کورتکردنەوەی ناو و ناونیشان و مانای چەمکە سیاسییەکاندا، ئەمانە کارێکیان کرد کە بە لێشاو گوتەزا و چەمك دزەیان پێکراوە، یان هاتوونەتەوە ناو زمانی ئاخاوتن و مامەڵە و گوزارشتی رۆژانەوە. چەمك و دەستەواژە و وتەزای بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانیش کەمی پێ نەکراوە. کەم نەکەوتۆتە بەر هێرشی شێواندن و کورتکردنەوە

تا ڕادەی لەدەستدانی مانای ڕاستەقینەی خۆی یاخود بە تاڵکردنەوەی بە ئەنقەست لە جەوهەری خۆی. ئەمڕۆ میدیا و بەتایبەتیش تەلەفزیۆن و دەستەخوشکە میللییەکانی لە سۆشیال میدیا زۆر باوکێکن بەشداری لە پێگەیاندن و پەروەردەی نەوەکانمان دەکەن بێ ئەوەی خەرجی و نەفەقەی ژیانیان لە ئەستۆ بگرن.

دیارە کەموکوڕی سیاسەتی کوردستانیش کە بە ناوی بزووتنەوەکەوە ڕەوایی مێژوویی بەدەست هێناوە و نزیکەی سێ دەیەیە بەو ڕەوایەتییەوە حوکمڕانی دەکات، ڕۆڵی لە بیرازکردنی ئەو چەمکە و لالووتبوونی خەڵك لەو گوتەزایەش هەبووە. ئەم باسە هیچ نەبێ لە بەشێکیاندا دەیەوێ پشت بەستوو بە کۆمەڵێ فاکت و ڕاستینەی مەسەلەی کورد و کوردستان خۆی و ڕەهەندی فرەقووڵی چەمکەکەش ئەوە بسەلمێنێ

کە بەداخەوە خودی کورتکردنەوە و پەڕو باڵکردنی چەمکەکەش دەوری گێڕاوە لە لادان و کورتهێنانەکانی کە هەموو لایەك بەرپرسیارن لێی، کەچی هەر بە کورە کەچەڵەکە واتا (کوردایەتی) و چەمکە فراوانەکەی (بەرخگك) دەوێرن و دەستی چەوری خۆیان بەسەری ئەو دەسوون و دەسڕنەوە، لەکاتێکدا ئەو بزووتنەوەیە دڵو دەرون فراوانترین و چەتری هەرە گەورەی هەمووومانە و موناسەبەتی رەوایی پێکەوەیی و جەدوای سیاسەتی کوردستانی و چالاکی و پێدراوەکانێتی. بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان واتای بزووتنەوەیەك دەگەیەنێت کە رزگاریخوازەو هی گەلی کوردستانە بەهەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانییەوە. واتا و مانا فراوانەکەی جێی هەموو لایەك و هەموو چالاکی فیکری و ئایدیۆلۆژی و هەڵسوڕانێکی

سیاسیی و هەمەلایەنی کۆمەڵی کوردستانی تێدا دەبێتەوە. بۆیە تەنانەت رەخنەگرانی و ئەوانەشی کە کەیفیان بە کوردایەتی و بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی و کوردستانیی نایەت باشتر وایەو هەقێتی ئەو چەمك و وتەزایە پەسەند بکەن و بیکەنە چەتری رەوایی هەر چالاکییەکی سیاسی خۆیان. جا کورت و بچووك بێت، یان فراوان و دوور مەودا.

## ئەسڵەن جێی خۆیەتی کە بزانن

(برخگك) چەکی دەست و دەسکەلای رەوای ئەوانیشە بۆ مانەوە و خۆناساندن و کۆششکردن بۆ ئامانجەکانیان. چونکە چەتری وا دەتوانێت ئەمن و ئەمان بۆ پرۆسەی سیاسیی کوردستانیش دابین بکات. وەگەر نا هیچ چەمك و وتەزایەك ناتوانێ کەمەندکێشی قوربانیدان و دەستپێشخەری

و کۆشش بۆ شەئنی گشتی بێت ئەگەر
گوتراوەی رەسمی نەتەوەیی و کوردستانی نەبێت
جا ئەگەر قسە لەسەر گەندەیی و گەندەڵی و
لەرێلادانەکان بێت، ئەوا ئەم دیاردە جاهلی و پێش
نەتەوەیی نیشتمانییانە کەموکوڕییەکی گشتی
و (تاوانگەلێکن) هەموو ئاراستە و خوێندنگە
جۆراوجۆرەکان بە لادان و لەرێ لادانیان لێی
بەرپرسیارن، نەك هەر (کوردایەتی). بۆچی
دەبێ (کوردایەتی) و چەتری بزووتنەوەی
نیشتمانیی بەرپرسیار بن لێی و چەمکەکانی
ناوچەگەرێتی و هۆزگەرایی و بنەماڵەیی
و عیراقچێتی و تۆرانچێتی و داعشێتی و
دارزانی سکتاریزمی حزبی و شەخسپەرستی
و شەخس تەوەری لێی بەرپرسیار نەبن؟ بۆ
دەبێ هەر شۆڕش و کوردایەتی ناویان بزرێت و
مەیلی دیکتاتۆری و کانتونچێتی و پاوانکردنی

ناونیشانی جیاجیا و دامەزراوەی ئاست فرە و جیاجیا و مەیلی بیروکراسی و گێلی مەسلەکی و وەزیفی لە دەزگاکانی حوکمڕانی ئەمانە ببنە مودەعی بەسەر هەموو ئەو ڕەنجە فیکری و سیاسییەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان داویەتی؟

ئەی بۆچی بە ناوی دەوڵەتی هاووڵاتی، ڕەفاهو بەرەو دیموکراسیی، بازاڕی ئازاد و کۆمەڵی مەدەنییەوە تاوانی زۆر دەکرێت قاوی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەدرێت و کەس لە گوڵ کاڵتر بەو چەمکە جوانانە ناڵێت؟ ئەسڵەن بۆچی دەبێ دیموکراسی و مافی هاووڵاتیبوون و چەمکە جوانەکانی تر بەرامبەر کوردایەتی و بزووتنەوەی نەتەوەیەکی بندەست وەك دوژمن و ئاراستە پێچەوانە رابگیرێت؟ لەکاتێکدا هەقە هەردوولا بە هاوپەیمانی یەکتری سەیر بکرێن

و بەرامبەرەکیان لە ئاست یەکدا مانای درۆ و دەلەسە بگەیەنێت کە هەر دەبێ لایەنێکی تەحریفی بێت.

## بزووتنەوەکەمان چییە؟

بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان ئەو بزووتنەوە رزگاریخوازەیە کە لە هەموو ئاستەکان، بە هەموو ئامرازە رەواکانی خەبات، لە هەموو وێستگەکان و لە هەموو جوگرافیای کوردستان و جوگرافیای دەستپێڕاگەیشتنی بزووتنەوەکە خەبات دەکات بۆ رزگاریی نیشتمانی کوردستان و هێنانەکایەی هەلومەرجێکی ئەوتۆ کە گەلی کوردستان بتوانێت مافی چارەنووسی خۆی لە رزگاری و ئازادی و بڕیاردان لە ئێستا و ئایندەی خۆی مسۆگەر بکات و پیادەی بکات. هەموو ئەو سەرمایەو پایە، کەرەستە

و وزانەی بزووتنەوەکە هەیەتی و کوردستانییان دەستیان بەسەرا دەشکێت و دەتوانن بیخەنەگەڕ ڕەوایەتی و جوولە و بەکارهێنان و خستنەگەڕی خۆیان لەوەوە وەردەگرن کە سەرەنجام و داخۆ تا چەند دەکەونە قازانجی گەشە و بەرزکردنەوەی تەلاری ڕزگاریی کوردستان. هەڵبەتە وزە و ورە و توانای بزووتنەوەکە و شێوەی ئاراستەکردنیان بە گوێرەی هەلومەرجەکان دەگۆڕێت.

بە هەموو پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی ڕەوتی مێژوویی کوردایەتی و مەسەلەی کورد دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بزووتنەوە وەك بزووتنەوە پێش شۆڕش و پێش حزب و هاوپەیمانێتی و بەرە دروستکردن و پێش هەموو دامەزراوەکانی دیکە، کە سیاسەتی کوردستانی پێ دەناسرێت، دروست بووە.

چونکە هەوڵ و کۆشش بۆ وزەی نەتەوەیی

کوردستان و ئەزموونی هەڵە و چەوتی و تاقیکردنەوە و ئینجا بیرکردنەوەی قوڵ لە ماکی رزگاری کوردستان پێش ئەم دامەزراوانەی ئەمرۆ و پێش شۆرش و ئامرازەکانی تری خەباتی هەمەلایەنە، کەوتووە. پێش ئەوان خەملیووە.

بەم مانایە بزووتنەوەکە ئەسڵە و ئەوانی تر لە شۆڕش و لە حزب و دامەزراوەکان لق و پۆپی ترن کە، رەوایەتی و جەدوای خۆیان لەمە وەردەگرن. بزووتنەوەکە ئەسڵە و ئەوانیتر داهێنراوی دواتر هاتوون. بێگومان لە بزووتنەوە قەدیمتر خودی کوردستان و خاوەندارێتی گەلی کوردستانە لەو نیشتمانە. مەعلومە لەو رۆژەوەی گەلی کوردستان بیری لە رزگاری کوردستانەکەی خۆی کردۆتەوە و دەستی کردووە بە جموجۆڵ و کۆشش، ئیتر لەوێوە دەتوانین بێژین سەرەتای بزووتنەوەکە دەست پێدەکات و کوردستان

هەموو الثامدی کتێب

خاوەنی راستەقینەی خۆی بۆ پەیدا دەبێت کە ڕایدەگەیەنێت داگیرکەران لەژێر هەر ناونیشان و تایتلێکدا بن داگیرکەر و بێگانەن. بزووتنەوەکە لە مەنگەنەی هەراشبوون و کەڵکەڵەی پەیدابوونی خۆیدا سەرەتا داوای شێوەیەکی تری پەیوەندی و شەراکەت و دارشتنەوەی خاوەندارێتی و موڵکیەتی نیشتمانی کوردستان دەکات لەگەڵ شەریکە داسەپێنراوەکانی کە بە ناوی جیاجیاوە کوردستانیان قووت داوە، ئینجا ئەوە دەبێتە سەرەتای خۆناساندن و ئەویتر ناسین و ئەویتر ناساندن. دەبێتە سەرەتای داخوازی بۆ دارشتنەوەیەکی تری رەوا و عادیلانەی خاوەندارێتی و موڵکیەتی ئەم خاکە. لێرەوە ناساندنی مێژووی ئەم خاکە و خەڵکەکەی و خاوەنەکانی لە مەسەلەیەکی جوگرافی رووت و هەقایەتی مێژووییەوە دەبێتە ئامراز و

دەسکەلایەکی شەڕکردن لە سەر خاوەنداریێتی و هەقداری لەسەر ئەو نیشتمانە و بەڵگەی کۆنینەیی و لەسەر وە جواب هاتنی خاوەنداریيانە.

دەستنیشانکردنی ئەم پاش و پێشنینەییە داهێنراوێکی تازە نییە کە هەر (برخگك) ی پێ بناسرێتەوە و ئیتر تەواو. ئەگەرچی لەپێشدا واقیعێکە هەیە، بیری لێ دەکرێتەوە و ئەو بیرە گەڵاڵە دەبێ و لە مەنزومەیەکی فیکری دا خۆی دەردەخات، بۆیە سەرەتا کوردستان هەیە ئینجا جولەی بۆ دەکرێت و ئینجا ئامراز و دامەزراوەی بۆ دابین دەکرێت و ئینجا بە تەکامولی ئەو ئامرازانە هیلالی بزووتنەوەکە رۆشن دەبێتەوە و کارێك دەکات وەك ئەوە وا بێت کورد و کوردستان لە ئاسمان و لەسەر زەوی و نێوانەکەیان خاوەنی خاوەنداریێتی و مەرجەعیەتێکی دیموکراسیی و ئازادیخوازانە بێت تا لە دوا لوتکەی مافی

همه‌وال‌نامه‌ی کتێب

چارەنووسی بێ ئەملاوئەلای کوردستان کە لوتکەی سەربەخۆییە، دەگیرسێتەوە.

* * *

دروستکردنی بیوگرافیایەکی مێژوویی بۆ (برخگك) هەر ویستێکی ئاشنابوون و ئاشنا کردن بە (مێژوو) نییە، بەقەدەر ئەوەی هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو دیاردە جیایانەی پاشان لە رەوتی بزووتنەوەکە و هەندێك جاریش تەنانەت لە رەوتی بەسەرهاتەکانی کوردستان و دەوروبەری لە عیراق و عەجەم، ئێران و توران روو دەدەن و دووبارە دەبنەوە. ڕاستە کوردایەتی و بزووتنەوەکەی خاس و خاسیەتی خۆمانە و خەرجی و قوربانییەکی زۆری بۆ دراوە تا دروست بێت و کامڵ بێت، بەڵام لەو رەوتە دووروودرێژەدا خۆ بزووتنەوەکە دابڕاو نەبووە لە کاریگەری و کارتێکردن. باهۆز

و شنەبای فیکر و سیاسەت و دامەزراوەی تری بەسەردا هاتووە، پێی حەساوەتەوەو بوژاوەتەوە و پێی نەخۆش کەوتووە و لەڕ و لاوازیش بووە. تێکەڵی بژاردە سیاسی و گوشارە جیاجیاکان بووە و هەوڵی داوە شوێنی خۆی بکاتەوە و هەوڵدراوە ئیحتوا بکرێت، یان کون بکرێت و درزی تێبخرێت و ئەویش هەوڵی داوە بەرەنگاری خۆی و مەناعەتی پێویست بۆ مانەوە و گەشەی خۆی دابین بکات.

خۆ کورد و نیشتمانەکەشی، کوردستان، وەك هەر نەتەوە و نیشتمانێکی تر بەشێك لەم کاریگەریانەی پێ خۆش بووە و مامەڵەی لەگەڵ کردووە، بۆیە لای چەسپاوە. بەشێکی بەدڵ نەبووە، بە زەبری هێز و دەسترۆیشتوویی نەیارەکانی بەسەریدا سەپاوە. بەندە بۆ باشتر حاڵیبوون و لێکتێگەیشتن ئەوی سەپاوە ناو دەنێم

مۆتۆربەکراوە و ئەوی چەسپاوە ناو دەنێم زاخاو دراوە. هیچ نەبێ بۆ جیاکردنەوەی ئەقڵ و تەن لەوەدا چەسپاوێکی بەدڵبوو لە مێشك دەچەسپێ کە شوێنی کاروباری ئەقڵە و سەپاوێکی بەدڵنەبوو تووشبوونێکە بە زۆر تەن دەگرێتەوە. حەتا ئەگەر زیانی هەبێ بۆ خودی کورد و بزووتنەوەکەش.

## پێداچوونەوەیەک بۆ شرۆڤەی زیاتر

بۆ نموونە لە وێستگەی گەشەی رەوتی رێبازی چەپدا، لە کوردستان و عیراق و ناوچەکە، بزووتنەوەکەمان بەرخوردی لەگەڵ رەوت و تێبازی چەپ هەبووە، چ بە ڕەتکردنەوە، چ بە تەفاعولکردن لەگەڵی و چ بە لە ئامێزگرتن و دروستبوونی رەوتی چەپی کوردستانیی. چەپی عیراقی و چەپی ئینترناسیونال، چەپی

ناوچەیی و هەرێمی و چەپی سەرتاسەری کوردستانیش کە بەداخەوە هەندێك جار لە بری رەچاوکردنی خاڵی هاوبەش، کە دەکرا بخرابایەتە خزمەتی روبارە گەورەکەی بزووتنەوەکەمانەوە، پێکدادان و بەر یەککەوتنە فیکرییەکان و بژاردە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتری بەرەو توندییان بردووە و نەیانتوانیوە رێوشوێنی پێکەوە هەڵکردن بدۆزنەوە و جێی یەکتری بکەنەوە فرمێسك و ئارەقێکی زۆر بە هەدەر دراوە کە هەر دەبێ دڵی خۆ بەوە بدرێتەوە سا بەڵکو پێشتر دەرسێك بۆ فێربوون بەدەست هاتبێت و ململانێی ناخۆش رابردویەکی ناجۆر بووبێت، رۆیشتبێت و ئیتر قەت نەگەرێتەوە.

لە وێستگەی تردا، با درەنگیش بێت، رەوتی ئیسلامیی و بزاڤی ئیسلامیی سیاسی بەرخوردی لەگەڵ کوردایەتی و حزبەکانی کردووە. لەپێشدا

ئیسلامی خالس و ئینجا تێکەڵەیەك لە ئیسلامەتی و واقیعی داسەپاوی عیراق و ئینجا ئیسلامێکی کوردایەتی پێ بە پێ گەڵاڵە بوون. دیارە لەم پەرەسەندن و گەشەسیاسییەدا هەوڵێکیش هەیە یان بۆ ئیسلامێکی کوردستانی یان هیچ نەبێ مۆتۆربەکردنی بزاڤە ئیسلامییەکە بە بژاردەی کوردستانی. لێرە بۆیە دەڵێین رەوتی درەنگ وەختە لەبەر ئەوە نا کە رەچاوی کۆنینەیەکەی ئیخوانی عیراقی، لە موسڵ بۆ کەرکوك تا هەڵەبجە، ناکەین، بەڵکو لەبەرئەوەی ئیسلامییەکان خۆشیان وەك دەستپێکی کاریگەر دەورانی پێش کیمیابارانی هەڵەبجە و ئاوارەیی بۆ ئەودیو سنووری باشوری کوردستان بە وێستگەیەکی چۆنایەتی تێکەڵبوون لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیونالیستی، لەسەردەمی شۆڕشی نوێ، دەزانن و بەشداریان لە خەباتی چەکداری

ئەو قۆناغە بە شانازییەکی شۆڕشگێڕی و کوردایەتی لەقەڵەم دەدەن. بەهەرحاڵ لە گەلی کوردی موسڵمانەوە بۆ ناکۆکی و ئینجا سازان لەگەڵ حزبەکانی شۆڕش و کوردایەتی تا چوارچێوەی ڕوو لە گەشەی کوردستانێتی، لەم سەفەرە دوورو درێژەو پێچاوپێچەدا ڕەوتی ئیسلامیی سیاسیی لە کوردستان هەیە و بۆتە واقیعێك کە هەم خۆشیان و هەم بزووتنەوەکەش بە ڕەنگە نەتەوەییە موجەڕەدەکەی دەبێ حسابی بۆ بکەن و چەترەکەی بۆ هەڵبدەن و بەشدارییان فراوان بکەن لە چوارچێوەی (ململانێ و هاوکاری) کە ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی لاوەکی هێزەکانی ناو ئەو چەترەیە.

خوێندنەوە و تێگەیشتن لە پێگەو بەشداری ڕەوتی چەپ و ئینجا ڕەوتی ئیسلامی و هەر ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژی و فیکری تر لە ناو

بزووتنەوەی کوردایەتیدا هەر ئاشتکردنەوەی ئەو رەوتانە نییە وەك بڵێنی غەریب و نامۆن و عەفواتتیان بۆ دەردەکرێت، بەڵکو خوێندنەوەو تێگەیشتنی وا بەڵگەی ئاوێتەبوون و زیندوێتی و دنیامیکیەتی بزوتنەوەکەیە و مۆمۆبەکردنی ئەو بزووتنەوە سیاسییەیە بە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری پێویست کە هیچ بزووتنەوەیەك ناتوانێت خۆی لێ بە دوور بگرێت و کارلێك و کاریگەری بەرامبەر نەبێت.

لە پەنا رەوتە ئایدیۆلۆژییەکانی هاتوون و کاریگەریان لەسەر بزووتنەوەکە داناوە. هەم لەرووی جوگرافیای کارتێکردن، هەم لەرووی رەنگ و سەنگی تەیفە جیاجیاکاندا، رەوتی دیکەش پۆلێنکراون. بۆ نموونە:

-کوردایەتی موحافەزەکار کە جاران وەك تانە پێی دەگوترا کۆنەپەرستی، یان عەشایەری و

بنەماڵەیی. ڕاستیێکەی زەحمەتە بیرۆکە و ڕێبازی موحافەزەکاری تەنها لە ناوهێنانی کۆنەپەرستی و شتی وا دا کورت بکرێتەوە. موحافەزەکاری بژاردەیەکی سیاسیی و تەنانەت فیکریشە کە دەشێ لە چوارچێوەی بزاوتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و کەلتوری هەر وڵاتێکدا هەبێت. ئەم ڕەوتە ئەوەندەی ئاماژەیە بۆ ژیری سیاسی و خاوەخاوی کردار لە کۆمەڵگەیەکدا لەژێر جەبری بەسەرهاتەکانی توانەوە و هەڕەشەی نەیاران و داگیرکەراندایە ئەوەندە نابێ هەر وەکو ترسنۆکی و خۆپارێزی بخوێنرێتەوە.

-کوردایەتی پێشکەوتنخواز، دەستەواژە جوان و جێ دڵخوازەکەی مام جەلال بۆ دیاریکردنی ڕەوتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەناو ئاراستە جیاجیاکانی کوردایەتیدا، لە قۆناغی شۆڕشی نوێدا.

ئەم دەستەواژانە و هی دیکەی وەك: کوردایەتی شۆرشگێر، کوردایەتی زاخاو دراو بە بیروباوەڕی شۆرشگێرانە کە بەشێکی ئەدەبیاتەکانی مام جەلال و یەکێتی بوو لەسەردەمی رۆمانسی شۆرشی نوێدا، بەڵگەیەکی ڕاست و ڕەوانە کە ئەسڵەن شۆرشی نوێ بە ناوهێنانی شۆرشی نوێ دان بە شۆرشی دێرینیشدا (شۆڕشی ئەیلول) دەنێت و حیسابی لەسەر دەکات و مەبەستی نەبووە ئەوانی تر بسرێتەوە، بەڵکو بەم ناولێنانە هەم پەیوەستی نێوان قۆناغ یان قۆناغەکانی جاران و قۆناغی ئەو رۆژەی خۆی دەرخستووە و هەم بۆ خۆجیاکردنەوەشە، چونکە. وتویەتی خەڵکی تر و هێزی تریش هەن کە ئەوانیش کوردایەتیان کردووە و کوردایەتی دەکەن. با لە ئێمەش جیاواز بن، یان وەکو ئێمە باشی لێ نازانن و باشی ناکەن. خۆزگە ئەم ئەدەبیاتە لە هەردوو تەرەفەوە

ژینگەیەکی لەباری بۆ برەخسابایە کە باشتر بوو لەوەی خوێن و خوێ تێکەڵ بکرێن و دەورانێك لە ناکۆکی و دژە بە رەیی بەرێبکەین

لە سەد ساڵی رابردووی ماجەرای کوردایەتی لەم تەیفە جیاجیایانەدا کە رەنگی تۆخ و کاڵیان تێدایە، دەشێ هەر کەسێك تەشخیسی ناو یان ناونیشانی تر، سنووردار یان فراوان بکات. بۆ نموونە: کوردایەتی نەرم و نیان، کوردایەتی بەرەحم و میللی، کوردایەتی رەسمی (کە دەشێ ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیەك بێت بۆ سیاسەتی رەسمی دەسەڵات و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دوای پێکهاتنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە ساڵی ١٩٩٢ و بەتایبەتیش دوای بوونی کوردستان بە هەرێمێکی دەستووری لەعیراق کە بەرپرسیارێتی رەسمیی سیاسەتی کەوتە ئەستۆ. کوردایەتی سەرەتایی (کە زاراوەی عەبدوڵڵا

ئۆجەلان بوو بۆ وەسفی کوردایەتی لە باشوور لە شێوە پارتییەکەیدا ) یان کوردایەتی گۆشەگیر و لە قاوغ قەتیس ماو، کوردایەتی دیموکراتی و کوردایەتی ئیسلامی و کوردایەتی هاوچەرخ و ئەفەندی، کوردایەتی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و کوردایەتی نەتەوەیی دیموکرات کە حەتمەن دەبێ برایانی یەکەکە و هاو رەوتەکانیان کۆششێکی فیکری زۆر بکەن تا باش و خاس بۆمانی شرۆڤە بکەن.

ئەم بەش بەشێن و ناولێنانە بۆ ئاڵۆزکردن، یان تێکەڵ و پێکەڵکردن نییە، بەڵکو بۆ فراوانکردنی ئەندێشە و بیرکردنەوەیە، بۆ شلکردنی بورغییەکانی مێشکە وەك قۆناغێك لەرێی سەرلەنوێ توندوتۆڵکردنی دامەزراوەی مێشك و توندو تۆڵکردنی بورغییەکانی تاوەکو دەرەقەتی ئەرکەکانی تازەی بێت و نەگەینە

قۆناغی کوردایەتی دارڕزاو هەرزان فرۆشی وەك ناوچەگەریی و شارچێتی، یان کوردایەتی پان خەیاڵی و سەرچڵی وەك رەوتی لوتبەرزی نەتەوەیی و بێ باکی لە هەلومەرجەکان کە لە چەند وێستگەیەدا زیانی کوشندەی لێ داین و کە قەوماش کەس خۆی لێ نەکردە خاوەن. چونکە بە پێی پرەنسیپی (واقیعبینی واقیع گۆڕی) نەبوو.

راستیەکەی، ئەم فرەیی و فرە رەنگی و فرە ئاراستەیە لەناو هەناوی بزووتنەوەکە پێویستی گەڕانەوە بۆ سایەی چەترەکە تەئکید دەکاتەوە، هەم بۆ ئەوەی لەو فرمێسك و ئارەقەی خەرجمان کرد و بۆ خۆشخوانی یان چاوی گەشبینی ناوی ئەزموونی لێدەنێین، شتێك بەدەستبێنین و باشتر ئیدارەی چەمکی (ململانێی و هاوکاریی) بکەین.

چەمکی (ململانێ و هاوکاری) چەمکی ئەدەبیاتی چەپە کە هاوڕێ فەهدی شەهید و سەرکردەی حزبی شیوعی عیراق دایهێنا و بەندە لێرە بۆ روونکردنەوەی ناکۆکی و تەباییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردایەتی تەوزیفی دەکەم.

***

ئەگەر بزووتنەوە سیاسییەکە و تەنانەت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵی کوردەواری بنچینە بن و هەروەها خەبات کردن بۆ کوردستان کە ئەو بزووتنەوە کوردایەتییە کوردەوارییە لە هەناوی ئەودا هەیە هۆکارو بۆنەی هەموو ئارەق و رەنجێکی سیاسی بن، ئەوا کاتێتی لێرە چەتری بزووتنەوە (برخگك) و هەرەمەکەی دیاری بکەین:

-شۆڕشی کوردستان (یان شۆڕشەکانی

کوردستان) کە دروستکراوی تەگبیری حزبی شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی سیاسیی گەڵاڵە کراوەو ئامادەیە.

-حزب و کۆمەڵ و ئاراستە سیاسییە جیاجیاکان کە لەناو شۆڕشەکان ڕۆڵیان گێڕاوە و سەرکردایەتییان کردووە.

حزب لەم ڕەوتەدا پێش شۆڕش، بەتایبەتی شۆڕشی چەکداری، دەستی پێکردووە و دامەزراوە، یان لەگەڵ شۆڕش و لەناو شۆڕشدا، پێگەیشتووە و دروست بووە. بۆ نموونە شۆڕشی نوێ کە یەکێتی لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١ دروست بوو و لە ڕۆژی (١٩٧٦/٦/١) شۆڕشی دەست پێکردووە. یاخود پارتی کە لەساڵی ١٩٤٦ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلولی بەرپا کردووە.

حزبی کوردستانی لە هەناوی شۆڕش

دروست بوبێت، یان پێش ئەویش و خۆی هەڵگیرسێنەری شۆڕشەکە بێت، خەسڵەتی ئەوەی هەیە کە پێچەوانەی دامەزراوەکانی تر بەرهەمی خودی کوردە و بەگوێرەی پێویستییەکانی کورد و ئەندێشەی مرۆڤی کورد و کۆمەڵی کوردستانی دروست بووە (لە بەشی پێنجەمی کتێبی مەسەلەی توتنەکە) و لە فەسڵی بەهاکانی زەڵێ لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر خەسڵەتی سەرهەڵدانی حزبی کوردی نووسیوە کە بە وردەکارییەوە لەسەر ئەم خاڵە دواوم. بڕوانە لاپەڕەکانی ٢٧٩ بۆ ٢٨٤ ئەو کتێبە).

راستە حزبی کوردی، وەك حزب لەهەموو شوێنێکی دونیادا، بەرهەمی مۆدێرنتەیە، بەڵام لە ئەزمونی سەد ساڵی رابردووی خۆیدا سەرەڕای ئەوەی فاکتەری دەرەکی کاری تێکردووە و بەتەنیا نەبوو لە گۆڕەپانەکە،

بەڵام بەراورد بە هەموو دامەزراوەکانی کورد، بەتایبەتی دامەزراوە رەسمییەکانی کە حکومەتەکان دایانمەزراندووە، حزبی کوردی دامەزراوەی کورد خۆیەتی و کەس لێی زەوت نەکردووە و ناکات مەگەر ئەوەی تەئسیری تێبکەن یان خۆی حەزی لە مامەڵە و سەودای هەرزان هەبێت.

-حزبە سەرەکییەکە و حزبەکانی هاوپەیمان و لقی کوردستانی حزبە عیراقییەکان، بەتایبەتی حزبە چەپ و دیموکراتەکان کە عادەتەن دان بە مەسەلەی نەتەوەی بندەستدا دەنێن، ئەوانیش وەکو چۆن ناکۆکییان لەگەڵ حزبەکانی کورد هەیە، دەشێ بەشێك بن لە بزووتنەوەکە ئەگەر ژیرانە و وەستایانە مامەڵە بکرێن.

-لەناو شۆڕشدا دامەزراوەی تریش دروست دەبێ کە بەرهەمی شۆڕشەکەیە تەنانەت

ئەگەر هاوشێوەی حزب، دامەزراوەی سیاسیی و مەدەنی بن. لە راگەیاندنەوە تا دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، ئینجا دامەزراوە و مەکتەبی عەسکەری و هتد. دیارە لەگەڵ فراوانبوونی ناوچە ئازادکراوەکان، شۆڕش دامەزراوەی تریش بۆ ئیدارەدانی ناوچە رزگارکراو و ئارامەکانی جوگرافیای رزگارکراوی شۆڕش دروست دەکات. هەروەها لە ناوچەکانی شۆڕش و ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی دوژمنیش رێکخراوی پیشەیی و مەدەنی هەن، بە نهێنی و ئاشکرا، کە بەشێکن لە شۆڕشەکە و بەر یەککەوتنی نەرم و هەندێك جاریش کەمێك توندیان لەگەڵ حزب و حزبەکانی شۆڕش و دامەزراوەکان هەیە، چونکە لە هەندێك وردەکارییدا جیاواز و تایبەتمەندن، بەڵام لە هێڵی گشتیدا بەشێکن لە بزووتنەوە و شۆڕشی بزووتنەوەکە و رەنگە بەشێکیش بن

له حزبەكانی ناو بزووتنەوە و شۆڕشەكەش. ئەمانە لەبەرامبەر نەیار و داگیركەردا وزەی نەتەوەیی و نیشتمانیین بۆ بزووتنەوەكە، رۆحی زیندوویی هەناوی بزووتنەوە و شۆڕشەكەن بۆ دیموكراسییەكی شۆڕشگێرانە. هەمان شت بەسەر تێكۆشەران و كەسانی سەربەخۆی نیشتمانی، مامۆستایانی شۆڕش و توێژە جیاجیاكانی رێكنەخراو و تەنانەت پێشمەرگەی رێكنەخراو لە رێكخستنێكی حزبیدا، جێبەجێ دەبێت، ئەمانە بەشێكن لەو پێكهاتەیە. بێگومان وەك رەوتی مێژووی بەسەرچوو باسیان دەكەین، ئەو ناوچانەی دەڤەری رزگاركراوی شۆڕش زەمەن و وادەیان تا بەسەرچوونی قۆناغی شۆڕش بوون، لەگەڵ رزگاركردنی كوردستان (لێرە مەبەستمان هەرێمی كوردستانی ئازادە) رۆڵیان نەما و قۆناغی حوكمڕانی كوردستان

دەستیپێکرد کە بریتیبوون لە دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمان و شارەوانی. حکومەتی هەرێم بەرهەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەت و دامەزراوەکانی تریش بەرهەمی گەشەی پرۆسەی حوکمڕانی بوون لە کوردستانی دوای راپەڕیندا.

## دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی لە دوای روخانی سەدامەوە

لە دوای کەوتنی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ وە، چانسەکانی بەردەم (برخگك) فراوان و گەورە بوو. دامەزراوەکانی دەوڵەتی نوێی عیراق کە پشك و بەشی کوردیان تێدا دامەزراو پێکهات، چانسی گەورە بوون بۆ ئێمە و لە هەمان کاتدا وزەیەکی زۆری کوردیان برد. بە جۆرێك سیاسەتی کوردستانیی ناچار بوو

و بگره پێویستیشی بوو توانا و تاقەتێکی بێ بڕانەوەیان بۆ تەرخان بکات. بۆ نموونە پۆستی هەستیاری سەرۆك کۆمار کە سەرۆك مام جەلال ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ و بێگومان باشترین تێکۆشەرەکانی کوردیش لەگەڵیدا تەرخانی سەنگەری پێشەوە بوون بۆ دابینکردنی لانیکەمی مافەکانی کوردستان لە دەستووری نوێی عیراقدا، لێرەش هەمان دیاردە دووبارە بۆوە، یانی لەو کاتەی ئەوە فراوانبوونییە چانس و دەرفەتە، لەهەمان کاتدا هەڕەشەی ئەوەشی پێوە بوو کە نەکا لە پاڵە پەستۆو هەڵپەی دەسکەوتی سیاسیدا ناسنامەی ئەسڵی پرسە نەتەوەییەکەمان و ستراتیژی مافی چارەنووس کاڵ بێتەوە، یان لێی دابڕێنرێ و تووشی داخوران ببێت. بەتایبەتی کە دیزاینی نەتەوەی سەردەست هەمیشە هەوڵیدەدا زاڵ ببێتەوە.

دوای کەوتنی رژێمی عیراق، کاروانی پرۆسەی سیاسیی عیراقی فیدرالی و دیموکراسی لە بەغدا دەستی پێکرد و هەڕەشەی راستەوخۆی دیکتاتۆریی راستەوخۆ لەسەر کورد نەما، ئینجا لە رەوتی ئەم پرۆسەیەدا هەم یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەساڵی ٢٠٠٤ و هەمیش دەستووری عیراق کە لە ساڵی (٢٠٠٥) لە راپرسی گشتی عیراقییەکان دەنگی لەسەر درا، دانی بە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوەکانییدا نا. ئەم پرۆسەیە هەروەها دەرفەتی بەشداریی کوردستانی لە دامەزراوەکانی عیراقی فیدرالی لە کەرکوك تا بەغدا رەخساند. لێرەوە دیاردە گەلێکی نوێ هاتنە کایەوە کە بەرۆکی سیاسەتی کوردستانیی و بزووتنەوەکەی گرتەوە، ئەمەش تەحەدداو دەرفەتی نوێ و تازە بابەتی خوڵقاند.

❊❊❊

**دەرفەتـە نوێیەکانـی ساڵی ٢٠٠٣ و دەیـەی یەکەمـی سـەدەی نـوێ ئەمانـە بـوون:**

١-سـەرۆکایەتی هەرێـم وەك بەشێك لـە نوێنەرایەتیی کوردستان کە لـە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە دەرفەتـی گەڵاڵەبوونـی رەخسا. بەهۆی ئاشتبوونەوە لە کوردستان و دابەشکردنی ئەرکەکان لەنێـوان سـەرکردایەتی لـە بەغـدا و کوردسـتان، دانپییانـانی دەسـتووری عیـراق بـە دامەزراوەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و پێدانـی مـافـی هەڵبژاردنـی سـەرۆك هەرێمیش بـە هەرێمـەکان، ئیتـر ئـەم دامـەزراوەیە چەسپی و بووە بەشێك لە دەسـەڵاتی واقیعـی لـە هەرێمـی کوردسـتان، ئەگـەرچـی دامـەزراوەی سـەرۆکی هەرێم بـەردەوام لـە رەد و بـەدەل و بـەر یەککەوتـن لەگـەڵ دامـەزراوەکانی تر بـە دوور نەبـووە.

**٢-**پەرلەمانی کوردستان، وەك دامەزراوەی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان.

**٣-**ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك دەزگای تەنفیزی هەڵبژێردراو لە پەرلەمانی کوردستانەوە.

**٤-**دەزگای هەڵبژێردراوی شارەوانییەکان کە نوێنەرایەتی کۆمەڵانی خەڵك دەکەن لە پارێزگا و قەزا و ناحییەکان، بۆ پرسەکانی شارەوانی و خزمەتگوزارییەکان (دیموکراسیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە).

## دامەزراوەکانی کورد لە بەغدا و دەرەوەی هەرێمی دانپیانراو

-سەرۆکایەتی کۆمار کە هەڵبژێردراوی هێزە کوردییەکانە و نوێنەرایەتی کوردە لە حکومەتی ئیتحادی و فراکسیۆنە کوردستانییەکانی

ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عیـراق.

-ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، پۆستی پارێزگار و حکومەتـی خۆجێی لـە کەرکوك. ئـەم دامـەزراوە نوێیانـەی دوای روخانـی سـەددام و دروستبوونی عیراقێکی دەستووریی و ئیتحـادی بـە خەسڵەتی نەتەوەیی خۆیـان، واتـا خەسڵەتی کوردایەتـی و بزووتنەوەکـەی، جێی کوردیـان کـردەوە.

دیـارە پێشـتر ئـەم دەرفەتانـە لەبـەردەم کـورد نەبـوو، چونکـە لـە بنچینـەدا عیراقەکانـی جـاران ئـەو دامـەزراوە دیموکـرات و هەڵبژێردراوانـە و ئـەو دەستـوورە ئیتحادییەیـان نەبـوو، نەیانبـوو نـەك بـۆ کورد، بەڵکو بۆ عـەرەب و باقی عیراقییەکانیش.

ئەم دامەزراوانەی لە ئاستی جیاجیا پێکهاتوون و سروشـتی جیاجیـان لـە نوێنەرایەتیکردندا هەبووە و هەیـە. ئەگـەر مەرجەعێکی چەتـر ئاسـا و

دامەزراوەیەکی سێبەرو سایەداری نەرم نەبێت بۆ رێکخستنی پەیوەندییان و دوورخستنەوەیان لە ناکۆکی و پێکدادان، سەرەنجام تووشی ئەو پێکدادانە نەخوازراوانە دێن. جا درەنگ و زوو کەوتووە.

جا لەبەر ئەوە بانگەوازی بەندە بۆ گەڕانەوەیە بۆ ئەدەبیاتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان. بزووتنەوەکە بە هەموو نووسراو و ئەدەبیاتەکانی، بە هەموو توانای دەستەجەمعی و یادگار و ئەزموونەکانی هەموویان دەتوانن چەترێکی مۆراڵی و مەرجەعێك بن بۆ رێکخستنی پەیوەندیی ئەم دامەزراوانە لەگەڵ یەك و لە نێوان خۆیان و ئەویتردا، لە جیاتی ئەوەی تووشی پێکدادان و بەر یەککەوتن ببن.

## تەنگژەی نوێنەرایەتی

ڕەنگە ئەمە بەشێك لە بەتاڵی و بێکەڵکی ئەو مشتومڕە روونبکەنەوە کە لە چەند ساڵی رابردوو لەناو سیاسەتی کوردستانی و میدیا بێ سەروبەرەکەی کوردستان هەبوو، لەسەر ئەوەی گوایە: ئایا پەرلەمانی کوردستان مەرجەعە بۆ ویستەکانی کورد، یان فراکسیۆنی هەڵبژێردراوی هێزە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران؟ ئایا سەرۆکایەتی کوردستان: سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت پێکەوە یاخود بە جیا، وەك سێ کوچکەیەك، یان بەگوێرەی زاڵبوونی واقیعی دەسەڵاتی لایەنێکیان بەسەر ئەویتردا، ئەمانە نوێنەرایەتی کورد دەکەن لەبەردەم ئەویتری (جا ئەویتری نەیار یان دوژمن یان

هاوپەیمانی عیراقی بە دامەزراوە رەسمییەکان و نارەسمییەکانییەوە بێت)؟ یاخود نوێنەرایەتی کورد لە سەرۆکایەتییە عیراقییەکاندا (سەرۆك کۆمار یان نوێنەرایەتی کورد لە سەرۆکایەتی کۆمار، نوێنەری کورد لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی حکومەت و وەزیرە فیدرالییەکان). کامیان نوێنەرایەتی کوردایەتی و ئیرادەو وسیتە کوردییەکان دەکەن؟

ئایا سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان (ئەو سێ کوچکەیە پێکەوە و بە جیا) یاخود نوێنەرانی کورد لە بەغدا، کامیان نوێنەرایەتی کوردی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان دەکەن؟ ئەوان یاخود ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و پارێزگاری هەڵبژێردراوی کورد لە کەرکوك و نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەن و قەزاکانی ناوچە دابڕاوەکان؟ بەم پێیە ئایا ناوچە

ناكۆكی لەسەرەكان هەر ناوچەی ناكۆكین لەنێوان كورد و بەغدا، یان ناوچەی ناكۆكیشن لەنێوان نوێنەرانی كوردستان لە دامەزراوەكانی كوردستان و نوێنەرانی كوردستان لە دامەزراوە فیدرالییەكاندا؟ وەك ئەو مشتومڕەی ئێستا لەسەر كەركوك و لەسەر ڕێوشوێنی دانانی پارێزگارێكی كورد لە ئارادایە؟ هەروەها وەكو ئەو مشتومڕەی لەكاتی ریفراندۆم قەوما كە داخۆ كێ بڕیار لە بەشداری یان، بەشداری نەكردنی كەركوك لە ریفراندۆمی كوردستان، دەدات؟

***

لە پانزە ساڵی رابردوودا ئەو ناكۆكی و بەر یەككەوتنەی لەنێوان دامەزراوەكان قەومان، چەندین جار دەریان خست كە نەبوونی

مەرجەعی دیموکراتی و چەتری بزووتنەوەکە، وای کرد چانسی فراوانی نوێنەرایەتی کورد لە دامەزراوە جیاجیاکاندا چونکە ڕێکنەخرابوو، کۆمبەسێك نەبوو دیارییان بکات، بۆیە بە داخەوە لە چانسەوە دەبوو بە هەڕەشە، لە دەرفەتەوە دەبوو بە درز. هەر لێرەوە، ڕێك لەم کەلێن و درزانەوە ئەو پرسیارە بێ مانایە سەری هەڵدەدا داخۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، یان ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان؟ حکومەتی هەرێم (کە بە زۆری حزبێك مۆنۆپۆلی کردووە!) یان حکومەتی خۆجێی پارێزگاکان، کامی ئەمانە بڕیار لەسەر کارەکان دەدەن؟

لێرەوەیە درز و کەلێن دەقەومێ، کوردستان یان بەغدا بڕیار لەسەر بەپارێزگاربوونی هەڵەبجە دەدەن؟ کامیان بۆ کوردستان باشترە. ئاخر ئەگەر ئەدەبیاتی کوردایەتی مەرجەع نەبێ و چەترێك

ئەو هەموو دەزگا فراوانەی نوێنەرایەتی رێك نەخات، سەرەنجام بەریەککەوتن روودەدات، لە جیاتی کەڵك وەرگرتن لە پەراوێزی نوێنەرایەتی و دامەزراوەکان، ئاڵۆزی و قەرەباڵغی روودەدات. هەڵبەتە لێرە باسی دەستوورێکی گەلپەسەند ناکەم کە لەم هەلومەرجەدا دەستوورێك دەبێت هەر لە هەرێمی کوردستان بڕ دەکا و ناتوانێ لە رووی جوگرافی و کاریگەریی و دەسەڵاتی فیعلییەوە مەرجەعێکی هاوشێوەی بزووتنەوە رەسەنەکە بێت کە ١٠٠ساڵە کورد هەیەتی.

## چەتری بزووتنەوە بۆ پەراوێزی سیاسەتی کوردستانیش گرنگە

چەتری بزووتنەوە و دامەزراوەکانی ناوی بۆ پەرەپێدانی بەشداریی کوردستانیی لەگەڵ بەشەکانی کوردستانیش باشە و جێ دەگرێت.

چونکە لەو کاتەی حزبەکان و فراکسیۆنەکانیان، حکومەت و دەزگا رەسمییەکانی کوردستان و دەزگاکانی کورد لە عیراق پەیوەستن بە دەستوور و یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییە رەسمییەکانەوە، ئەوا چەتری بزووتنەوەکە دەتوانێ ئەندێشەی کوردستانی پەرەپێبدا و رێز لە ئیتنما کوردستانییەکان، وەك وزەی کوردستانیی و وەك پابەندێتی نەتەوەیی، بگرێت و بگرە بۆ خێری نەتەوە و نیشتمانیش تەوزیفی بکاتەوە. لەو کاتەی سیاسەتی رەسمی کوردایەتی، لە هەرێمی کوردستان، مەحکومە بە جەبری واقیعی ئیلتزاماتە دەستوری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چەتری بزووتنەوەکە دەتوانێت رۆڵی میساقێکی شەرەفی میللی، یان چەترێکی هاوشێوەی کۆنگرەی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت، لەکاتێکدا ئەم چەترەش زیاد

لە پێویست بۆ کێبرکێی حزبی و ململانێی فراوانخوازی بەکارهێنرا، کە بەداخەوە نەدەبوا وا بوایە.

رەنگە ئەم چەتری بزووتنەوەیە بشتوانێ کارێك بکات کە ئەوی رووخاوە و ڕماوە و رزیوە لە بینای سیاسیی کوردستان بیانخاتەوە سەر سکەی شەمەندۆفێری بیناکردنەوە و سارێژکردنی زامەکان، بەرەو کۆماری دووەم لە هەریمی کوردستان وەك چەمکێکی جێی گفتوگۆ و رەتکردنەوە و پەسەندکردن، کە لە چەند نووسراوێکی موتەوازیعی بەندەدا کارم لەسەر کردووە.

هەروەها ئەمە رێگا بۆ پەیدابوونی نرخ و بەهای تازە بۆ بزووتنەوە رەسەنەکەمان دەکاتەوە. چونکە وەك دەزانرێت و هیچ نەبێ لە ئەزموونی کوردستانیشەوە دەرکەوتووە، بیرۆکە بنچینەیە بۆ

پەیدابوونی دامەزراوەکان و گەشەسەندنیان بەرەو کامڵبوون و سەرەنجام دەرکەوتنی یەکجارەکیی هیلالی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان لە زەمەنێکی پاشەکشێ و شۆکی و هێدمەی بێ موناسەبە و خوتوخۆرایی.

.......

*ئـەم باسـە بـە چـوار ئەڵقە لـە ڕۆژنامەی كوردسـتانی نـوێ بڵاوبۆتـەوە، لـە ژمارەكانـی: ٧٩٥٣، ٧٩٥٤، ٧٩٥٥، ٧٩٥٦ لـە ڕۆژانـی: ٨-٩-١٠-١١/٩/٢٠١٩.

* وێنـەی سـەر بەرگی ئـەم کتێبۆکەیە بەرجەسـتەی بەشـێکی ناوەرۆکەکەیەتی. کە بزووتنەوەی سیاسـیی لـە بزووتنـەوەی کۆمەڵایەتـی جیاناکاتـەوە. وێنەکـە وێنـەی پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتـی و شۆرشـی نوێـی کوردسـتان مامۆسـتا عەمیـد عوسـمان حسـێنە کـە لـە دەشـتی مادێنـای گونـدی هەڵـەدن کاری هەرەوەزی بـۆ جوتیارانـی گوندەکـە دەکات. بەگوێرەی گێڕانەوەی مامۆسـتا عوسـمان ئەم نەریتی هەرەوەزییـە بەشـێک بـوو لـە پـەروەردەی حزبیـی ئەڵقـە رۆشـەنبیرییەکانی کۆمەڵـەی رەنجدەرانـی کوردسـتان. وێنەکـە و زانیارییـەکان بـە ئیزنـی مامۆسـتا وەرگیـراوە.

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن

ژمارە :
ڕۆژ: / /کوردی ٢٧١٩

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية
ژمارە: ٦٤٥
بەروار: ١٨/ ٢/ ٢٠٢٠

بەڕێوبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
ڕۆیشتوو

بۆ/ مەکتەبی ڕاگەیاندن / ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
بابەت / ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی ( **١٢٩٢** ) ی ساڵی ٢٠٢٠ تەرخانکراوە بۆ کتێبی ( چەتری بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ) کە لە نووسینی (ستران عەبدوڵلا )ە، بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانە، کە بابەتەکەی ( سیاسی )ە، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن ڕەوانە بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

فەرمانبەری ڕێپێدراو

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە /
ڕۆژ ١٨/ ٢/ ٢٠٢٠

**ساکار عەلی عەبدوڵلا**
**جێگری بەڕێوەبەر**

تێبینی:

١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ) ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە.
٢- هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.
٣- ئەم نووسراوە سکان بکرێت ولە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا دابنرێت .

وێنەیەك بۆ/
- دوسیەی سپادرن

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com
ژمارەی تەلەفۆن/ ٣٢٠٢٧١٦